# پەنجاو پێنج پەنجەرەی گەڕۆك!

شێرکۆ بێکەس

-1-

ئەمڕۆ لەم شارەدا ئەمڕۆ
هەورە کچێ
بەرلەوەی هێشتا بباریێ
لە باڵکۆنێکی سەوزەوە خۆی خستە خوار.
ئاخ! ئاسمانیان لەسەرداخست!
هەورە کچێ لەسەر باڵکۆن
چاویان لێبوو:
وەك هێرۆی سپی دەرکەوت و
لە خوارەوەیش هەڵپچوڕکاو
بوو بە پەڕەی سوورە گوڵی
جادەو بەرپێ!.

-2-

بەفر وتی:
سادە وەکوو من بنووسە!
لەتوانەوەیشدا هەر من بەو
قووڵ ڕۆبچۆو
دەریاچەو زەریا دروستکە!

-3-

شەوێکی گەش و زیوین بوو
لەناکاوێ
ملوانکەکەی پچڕایەوە!.

ئیتر هەموو لەژێر مێزدا
بۆ دەنکەکانی ئەگەڕاین.
من ئەمویست تەنها ئەو دەنکە بدۆزمەوە
کە ئەمبینی هەموو جارێ
لە درزی نێوان مەمانی
ئەودا ئەنوێ!.

-4-
جارێکیان لە جادەی
باریکی دەفتەرما
شیعرێکی سیاسی و شیعرێکی دڵدارم
بەیەکتر گەیشتن
ئەمبینی:
یەکەمیان کە ئەدوا
کڵپەیەك لەدەمی ئەهاتە دەرەوەو
دووەمیان تریفەی مانگێکی هەنگوینی.

-5-
ئەمشەو هەموو چراکان هەڵکراون و
کەچی ماڵەکەیشم هەر تاریکە
بۆ نەگەڕایتەوە؟!.
ئەمشەو هەموو چراکانیش کوژاونەتەوەو
کەچی ماڵەکەیشم هەر ڕووناکە.
ئەوە تۆی گەڕاویتەوە؟!

-6-
من ئەگەر ئەو وێڵبوونانەم نەدیبایە
قەت نە ئەبووم بەم ڕێگایە

من ئەگەر ئەو تاریکیانەم نەناسیایە
قەت نەئەبووم بەم چرایە
بەڵام ئەو ڕێگەو چرایەیش
لەئیستەدا
وا لە چاوانی تۆدایە!.

-7-

کە لەویٚ بوویت
لێرە وشەم لەبەرپەنجەرەی شیعردا
بیٚ ئارام و هەمیشە چاوەچاویان بوو
لە تەنیاییمیان ئەپرسی:
کەی دێتەوە؟!
لە ئیستەیشدا کە تۆ لێرەیت
گوڵەکانی ناو "ئەمستردام"
ڕوویانکردۆتە ڕۆژهەلاٚت
لە گوڵفرۆش و سەبەتەی گوڵەکان و
لەئینجانەو پەرژینی باخچە ئەپرسن:
کەی دێتەوە؟!
تۆ بۆیە وا بۆنت خۆشەو
هێند ناسکی و خۆشەویستیت
لەنێوانی گوڵ و شیعرا
دێیت و دەچیت!.

-8-

بەیادی دوو لیمۆکەی خۆت
لیمۆی سەرمێزەکەم هەڵگرت، بردمەوە ماڵ
ئەو وەختەی ویستم قاشیکەم
زریکانی
کە ویستیشم تەنها بۆ یادگار لامبیٚ

مۆنی کردوو لێم تووڕە بوو
بەڵام وەختێ دەستمدایەو
بۆنمکردوو ماچم کردوو
زۆر بەهێواشی گلۆفتم
پڕ بە ژوورەکەم پێکەنی!

-9-

دیاریەکەت بۆینباخێ بوو
کە ئەیبەستم و ئەتبینم
ئەگەر جارێ وا ڕێکەوێ
پەستتکەم و تووڕەتکەم و
زویرببی
خۆت هیچ ناڵێیت و ئارامیت.
کەچی ئەو لەجێی دەستی تۆ
لەناو ملما دێتەوەیەك
وەك بیەوێ بمخنکێنێ!

-10-

"سەر"ت تارە
بە ئەسپایی قژت ئەگرم!
هەموو تاڵێك لەناو دەسما
ئەبێ بە ژێ
"ژێ"یش بە ڕایەڵی ئاوازو
وردە وردەیش
پەنجەکانم ئەیانژەنێ!

## -11-

گێژەڵووکەیش شیعر ئەنووسێ!.
جاری وا هەیە دەشتێك ئەنووسێ
بەڵام کە ئەیخوێنیتەوە
تەپ و تۆز چاوت کوێر ئەکاو
پووش و پەڵاش داتئەپۆشێ!

## -12-

سەرەتای پاییزێ بەکاوخۆ
خەریکە ئەگاتە ناوجەستەم.
سەرەتای بەهارێ
بەردەوام ئەوەتا لەگیا نما.
پێکەوە
لەولاوە بزەیەك ئەوەرێ و
لەم لاوە ئازارێك ئەپشکوێ.
من ئیستا وەرزێکم
کەوتوومە دەرەوەی وەرزەکان.
من ئیستا شیعرێکم
پێکەوە
گزنگ و ئاوابوون ئەمنووسێ!.

## -13-

لە "قوڕنە"دا
هەموو ڕۆژێ
وەختێ بەیەکتری ئەگەن
دیجلە ڕووئەکاتە فورات
یان فورات بە دیجلە ئەڵێ:
دوو ڕووبار بووین، وابووین بەسێ

من و تۆو بەلام لەئێمەیش
زۆر درێژتر و بەرینتر
ئەو ڕووبارەی کە لە جەستەی
ئەو خەڵکانەوە هەڵئەقوڵێ!.

-14-

مەیدانێك و
منارەیەك و
دوکانێك.
لەمەیدانەکەدا بە تەنها
هەر "ڕەصافی" ڕاوەستاوەو
نەچۆتەوە بۆ ماڵەوە!.
لەناوقەدی منارەیشدا
بەتەنها ملی ترساوی
کۆترە باریکەیەك دیارەو
یەك دوکانیش دەرابەی هەڵداوەتەوەو
بەخەتێکی گەورەو ناخۆش
لەناوچەوانی نوسراوە:
تابووت فرۆش!

-15-

پیرە درەختێ نووستبوو.
"با"یەك هات و
ڕایوەشاندو
دارەکەی خەبەرکردەوە
ئەوسا چرپاندی بەگوێیدا:
تۆ ئەتوانی تا چەند ڕۆژێ
دوو عاشقی ڕاونراوی ئەم هەرێمە
داڵدە بدەیت؟!

من ئەتناسم تۆ ئەو دارەی
کە وەختی خۆی لەسەر عەشقی جۆگەلەیەك
دەستی ڕاستیان بڕیتەوە!
پیرە درەخت کەمێ مات بوو
ئینجا وتی:
بابێن، ئەی من ئەو کلۆری ژوورە گەرمەی
ناو هەناوی خۆم بۆ چییە
بۆ خەمەکانی عەشق نەبێ؟!
نەك چەند ڕۆژێ
حەزئەکەیبا هەر لێرەبن
هەتاکوو لەناو هەناوما
یەکەم نۆبەرەیشیان ئەبێ!.

-16-

لەڕۆژدا بوو، "شینی ساماڵیم" کردە بەر.
هەموو ئاسمان بۆم پێکەنی.
کە بوویش بەشەو
مانگیش شیعری شینی دامێ.
کەسکی سنەوبەریم پۆشی
هەموو باخان بوونە یارو دەزگیران و
ماچی سەوزو سووریان دامێ.
بەڵام وەختێ
"ڕەشی ئەنفال"یم کردە بەر
ئاسمان تەمتوومان دایگرت و
مانگ کەوت بەسەر گەرمییانداو
سنەوبەر کەوتە گریان و
باخانیش بوونە بێوەژن!.

-17-

فیل شانازی بەهێزی خۆیەوەکرد و
بەخەرتوومەکەی
درەختێکی لەبنەوە هەڵکیشا.
شێر شانازی بە چنگەکانی خۆیەوە کرد و
لە پەلامارێکدا
مامزێکی هەلاهەلاکرد.
بەڵام باڵندەیەکی بێ هێزو بێ چنگ
لەدوای ئەوان هات و
بە دەنووك دەنکە تۆوێکی هێناو
لە تەنیشت درەختە کوژراوەکەوە چاندی و
بۆ چەند ساتێکیش
گۆرانییەکی غەمگینی
بۆ مامزەکە چڕی و
هەرگیز شانازیشی نەکرد!

-18-

من لەڕێی کزەیەکەوە
بۆ یەکە مجار خەزانم ناسی.
من بەهۆی خەزانەوە
بۆ یەکە مجار تەنیاییم ناسی.
لەڕێی تەنیاییەوە غوربەت و
لەڕێی غوربەتەوە عەشق و
لەڕێی عەشقیشەوە شیعر!.

-19-

هەر وەختێ باخ
گوێی لە خشەخشی گەڵاوەریوەکانی

ژێر خۆی بوو
ئینجا ئیتر لەبەرخۆوە
ئەکەوێتە ورتە ورت و
گێڕانەوەی بەهارەکانی یادگار!.

-20-

لەم ڕۆژهەڵاتەدا
هەرچیمکرد بۆ ئەوەی لەبەردەم
یەك ئاوێنەدا
هەردوو وشەی "ئازادی"و "ژن"
لەسەر دوو کورسی بە تەنیشت یەکەوە دانێم
بێ هوودە بوو، هەموو جارێکیش
وشەی "کۆمەڵ" بەسمێڵێکی فشەوە ئەهات و
بەرماڵێکی لەبن دەستداو
خۆی لەجێی ژن دائەنیشت!.

-21-

ژنێکە لە شێوەی
کەمانچەی ڕەشپۆشدا
هەرجارێ دووراو دوور بیبینم
من ئەبم بە پەنجەی باریکی شیعرێك و
بەنۆتەی بەردەمی
عەشقێکی چاوەڕوان بە پێوەو
ژێر چەنەم بالیفی هەورێکە
بۆ بەژنی غەمگینی و
هەتاکوو ون ئەبێ
من "با"م و
ئەویش ژێی
باران و

ئەیژەنم؟.

-22-

لە بەردەم "درۆ"دا
ئەمەوێ هەر کەڕبم.
لەبەردەم مردنی ئازیزدا
بمەوێ و نەمەوێ
کوێر ئەبم، لاڵ ئەبم.
لەبەردەم "ڕاستی"یشدا
هەر ئەبێ دانەوم و
کڕنووشی بۆ بەرم
وەلێ من
ڕۆژانی کەڕبوونم ناژمێردرێن هێند زۆرن
ڕۆژانی لاڵ بوون و کوێر بوونم کەم نین و
ژمارەی کڕنووشم
هەر ئێجگار دەگمەنن؟.

-23-

شۆڕەبی ژنێکە
پیاو پێلەقەی داوە لە پشتی
پیاو قژی ڕاکێشاوەو
پیاو سواری بۆتەقەی ملی بووەو
بۆیە وا چەماوەتەوە؟

-24-

گوڵێکی ڕاونراو
کەوتە ناو بازنەی کڵپەوەو
هەڵقرچاو، نەیانهێشت

بگاتە عەشقەکەی.
بەڵام ئەو دڵۆپێ گوڵاوی
لە ڕۆحی یادگار
بۆ عەشقی ناکامی
لەدوای خۆی بەجێهێشت!.

-25-
ئەبێ خۆشەویستیت چی بێ؟!
تەنها ئەوەندە ئەزانم
بۆ من دوو گلێنەی ترەو
دوو گوێی ترەو
دوو باسکی تر
بەڵام هەرگیز لە ناومندا
دوو دڵ نییە!

-26-
لە ڕیشاڵەوردەکانی یەك گەڵادا
بێشەڵانەکان ئەبینم و
لە تنۆکی ئاودا زەریاو
لەیەك گڵمتکی بچووکدا
سەر زەمین و
لەناو چاوەکانی تۆیشدا
هەموو ئاسمان!

-27-
دەمەو عەسرێ
بەکەناری خولیایەکما پیاسەم ئەکرد
لە پڕێکدا "خەیاڵ"ێکی شۆخ و شەنگی

چاو سەوزی جوانم پێگەیشت!
کاتێ گەیشتمە بەردەمی
تکام لێکرد، یەك تۆز لەسەرم بوەستێ
هەتا قەڵەمەکەم دێنم
بۆ ئەوەی وێنەی بکێشم و
بۆ ئەوەی بیکەم بە شیعر.
بەلام ئەو ئێجگار پەلەی بوو
ئەتوت "با"یە
ڕانەوەستاو، منیش لەکەنار خولیادا
گڕەی حەسرەتێ لێیدام و
هەر لەوێدا بووم بە هەڵم!

-28-

ڕۆمانسیانە، شەوێکی تر. بە جووتە
لە کەناری گۆمیلکەیەك. دانیشتووین:
تاڵە دەزووی، تیشکی گڵۆپ، سەوزو سوور
بە ئەسپایی، لەرەیاندێ، لەئاودا
ئێمەو مێزیش، هەڵەوگەڕاو، سەرەوخوار
ئەجووڵێین و، ناکەوین و،
ڕێ ڕێ دیارین، لە ئاودا.
بەناو قژتا، وردە ماسی. دێن دەچن
لەوان وایە، گژوگیایەو
لەسێبەریا، ون ئەبن!.
گوارەی شۆڕت، دوو جۆلانەی، بچووکن
لەناو گۆمداو، گەلای وەریو
ناوبەناو سواریان ئەبن.
لەگەڵ مژدا، جگەرەکەم، تروسکەی
لە ئاودایەو، ناکوژێتەوە، ئاگرەکەی.
لە پڕێکدا، مێرد منداڵێ، لەولاوە

لەتە سێوێك فڕێ ئەداتە خوارێو
گۆم ئەشڵەقێ و مێزمان ئەشکێ و، شتەکان،
پەرت پەرت ئەبن و، بۆ خۆیشمان
بەیەکەوە. نوقم ئەبین. لە ئاودا!

-29-

شیعرێکی گەنجی قژ کەسکم
لەگەڵ خۆیدا، هەندێ شنەی
شینی بردوو
جووتێ کۆتری دڵنەوایی و
چەند مۆمێکی خۆشەویستیی و
سەفەریکرد بۆ گەرمییان.
بەڵام وەختێ گەڕایەوەو
هاتەوە ماڵ
کۆمابۆوەو ڕیشی سپی و
دەست بە گۆچان
لەگەڵ خۆیدا شنەی ڕەش و
کۆتری ڕەش و مۆمی ڕەشی
هێنابۆوەو
لەشیعرەوە
بوو وبوو بە ڕۆمانی "ئەنفال"!.

-30-

چنارێك ئەیپرسی و
گوڵەکان پەنجەیان هەڵئەبڕی!.
-هۆی چییە
ئەم گۆمەی تەنیشتمان
هەمیشە وا ماتە؟!
گوڵ هەنار وەڵامی دایەوە:

-هۆیەکەی ئەوەیە زۆر بیری
سەرچاوەی دایکی خۆی ئەکات و
نایشتوانێ وەرگەڕێ بۆ دواوە!.
-نەتزانی!
هێرۆیەك: پێئەچێ
ڕواچیەکان بۆ ماسیی
بێزاریان کردبێ!.
-نەتزانی!
گوڵ لیمۆ: پێئەچێ و وادیارە
ڕەشەبا نەهێڵێ شەوبنوێ.
-نەتزانی.
-ئەی چییە خۆت بیڵێ؟!
-گوێگرن، شەوێکیان، من بینم
کە مانگ نووست، سەری خۆی دا پۆشی.
خێڵی خوێن هاتن و
کچێکی عاشقیان تیا خنکان!.

-31-

ئەو وێنانەی من کێشاومن
هەتا ئێستا نەکێشراون
بۆ نموونە:
من هاژەم کێشا نەك شەپۆل!.
سامی چیا، نەك چیا خۆی.
بزەی منداڵ، نەك منداڵ خۆی.
گریانی نان، نەك نانەکە.
هاواری بەرد، نەك بەردەکە.
نووزەی گەڵا، نەك گەڵاکە
من خۆشەویستیی یارەکەی خۆمم کێشا
نەك یارەکەم!.

## -32-

"پ. م"ێکی بریندارو
شیعرێکی ئێجگار نازدارو
شاعیرەکەی.
من لەبیرمە. "پ. م"ەکە
لەسێبەری گابەردێکدا پاڵکەوتبوو
قاچێکی لەگەچداو، دەستێکی لەملداو
ئەو شیعرە جوانەی ماچ ئەکرد
کە تایبەت بۆ ئەم نوسرابوو
بەڵام برینی پاڵکەوتوو نەی ئەزانی
هەرگیز هەرگیز نەیئەزانی
کە شاعیرەکەی ئەمێستا
لەبەردەم "بابولنیزامدا"
دێت و ئەچێ و
چەکێکیشی لەشاندایە
لە هەمان تۆخمی ئەو چەکەی
کە دوێنێ ئەمی زامدار کرد!

## -33-

لەو ئێوارە غەمبارەدا
ئێمە هەموومان پێکەوە.. بەداخەوە بەناچاری
ناڵە ناڵی بەردی گوندو.. هاوار هاواری درەخت و
قیژە قیژی ڕووبارەکا نمان.. بەجێهێشت.
ئێمە هەمووما ن پێکەوەو لەڕیزێکدا
دەست لە پشتێنی یەکتردا
بەچیاکەدا داگەڕاین.
ئێمە هەمووما ن پێکەوە
سەرمان بۆ ئاسمانی دڕی بەفرۆکەو
صەلیبی دووکەڵ هەڵئەبڕی.

ئێمە هەموومان پێکەوە
گوێمان لە گریەو فوغانی چۆمەکان و
هەناسە بڕکێی هەورازو
نووزەی پەلکە گیاکان ئەبوو
بەیەکەوە، جەستەی ئاوساوی ئاژەڵی
ناو دۆڵەکا نمان ئەبینی
جۆگەی کوژراومان ئەبینی.
بەیەکەوە، دورونزیك، وژەوژی (با)ی ترساوو
دەنگە دەنگی ئاڵۆزکاوی هەموو ڕەزەکا نمان ئەبیست.
ئێمە هەموومان پێکەوە پەڵە پەڵەی بەفری سووتاو،
تەنینەوەی گڕی ئاڵی پووش و پەلاشمان ئەبینی.
تەنها هەر یەکێکمان نەبێت
کە لەگەڵماندا ئەڕۆیشت و..
بەڵام ئیتر نەهیچی دی و
نەهیچی بیست
"مام بایزی"
نابیناو کەڕ!

-34-

جەلیل قەیسی
وەك پەڕی کۆترێکی سپی بەدەم باوە
ئەم لەو پەڕە سادەترو هێواشتریش.
جەلیل قەیسی
نوقم لەئاوی کتێبدا و
بەفر ئەم بوو لە بارینداو
وشە ئەمبوو لەناڵیندا و
خەیاڵیشی لە مانگەشەو جوانتر.
جەلیل قەیسی
شمشاڵێ بەدەست "قەلا"وەو

ئەوینێکی تێکەڵ لەشەفەق و خەزان.
چیرۆکێکی کەڵەگەتی ماندوو، برسی.
لە "کەرکووک"یش بێ بەختتر
بەڵام بۆ تەنها ساتێکیش
هەتا دوایی
ئەو بێبەختییەی جێنەهێشت
جەلیل قەیسی!.

-35-

من ئەسپێك ئەناسم، ئەسپێك
ئەمیستاکە، نەخۆشەو "خانەنشین"ە
تا هەورازو نشێوو شەڕگە و تاریکی و
تا هەڵەمووتەکان هەبوون
حیلەی ئەو و سروودەکان
یاڵی ئەوو بەیداخی کورد
بەقەدەر یەك خۆشەویست بوون!.
بەڵام ئیتر
کەچیا هاتە خوارەوەو بوو بە شەقام.
ئەشکەوتەکان بوون بە بانق و
"ئەی ڕەقیب"یش بوو بە گیرفان!
ئەسپەکەیان لە "بیرچوونەوە" بەستەوەو
لە پرسگەی تفەنگێکدا
زینەکەیان کرد بە کورسی و
جڵەوەکەی بە قامچی و
دواشت کە حیلەیشیان دزی
ئیستە بێدەنگی و برسێتی
لە ژوورێکی نابینادا
بەزیندوێتی
بۆتە قەبری!

-36-

لەباتی هەور ئەو ڕۆژە شیعری هانی.
بۆیە کە سەرم هەڵبڕی
لەجێی کلوو حەرفی سپی و
لەجێی تەرزە دەنکە وشەو
لەجێی باران.. ڕێزە ڕێزە
ڕستە بەسەرما ئەباری!.

-37-

ڕووبارێك لێی پرسیم: تۆ چیت؟!.
وتم: من ماسیم، شێرکۆ بێکەسی ماسیم!
وتی: لەکامە ڕووباردا
وتم: لەڕووباری شیعرا!.
وتی: ئەی ئەگەر ئەو ڕووبارە وشکی کرد؟
وتم: دیارە یەکەن دەردوو منیش ئەمرم.

-38-

من بۆ ئەوەی
بەرپەرچی ڕق بدەمەوە
لەم ساتەدا
لەشیعر زیاتر شك نابەم
بیکەم بە ڕێی لێبوردن و خۆشەویستیی.
من بۆ ڕێگریی لەژەنگی
ساتەوەختی نائومێدیی، لەم وەختەدا
لەموزیك زیاتر شك نابەم
بیکەم بە باڵ، بەشەقژنی هیواو شادیی.
من بۆ ڕێگریی لە عومری سەرەو لێژیش
لەم ترسەدا، تەنها منداڵیی شك ئەبەم

بیهێنمەوەو بیکەم بە خەوی نەمریی و
بیکەم بە سیحری ئەبەدیی!

-39-

تازە دایکم
بووە بە تیتروا‌سکێکی پیر و کزی
"فرجینیا"و، جارێکی تر، ناگەڕێتەوە بۆ ئێرە.
تازە ژوورێکی دوو بەسێ
نیشتمانی ئەوە لەوێ.
کۆمەڵێ حەبی ڕەنگاوڕەنگ
بوونە دەستە خوشکی لەوێ.
تازە دایکم، جارێکی تر. ناگەڕێتەوە بۆ ئێرە
بەڵام ئەوە درۆی هەندێ
لەوڕێنەی زۆربلێی شەوی تەنیایی و
پڕوپاگەندەی "میحراری" ژێر زمانەو
بوختانی یەك دوو حەبیانە
گوایە دایکم "ناونیشانی
ئاسکەکانی کانێسکان و
ماڵە کۆنەکەی خۆیان و
گۆرانیەکانی "ڕەشۆل"ی بیرچۆتەوە!.
نا نا، دایکم با بۆ خۆیشی قسە نەکات
پاڵکەوتبێ و
چاوی بڕیبێتە نوختەیەکی نادیار.
سرکەبێکەی ناوچەوانی قەت وانالێ و
سوخمەکەی و ڕستەبازنەکەی دەستی و
فەقیانەکانی و گوارەکان قەت وانالێن.
خۆ کۆڵوانە مۆرەکەیشی
کە بەردەوام لەخۆی و لە غەریبی و
کوردستانیەوە پێچاوە

قەت وانالێ.
نا نا، دایكم با بۆخیشی قسە نەكات!.
با وەڵامیش نەداتەوەو
با منیش نەناسێتەوە!
نا نا، دایكم...

-40-

من ئەگەر خۆیشم پێمنەكرا
بۆلای هەر خەم و خولیایەك، وشەیەكم،
ئەنێرم تا بیانبینێ
وشەی "تەڕ" بۆ لای ئەو هەورەی
كە بێتاقەتەو ناباری
وشەی "كەسك" بۆلای درەختێ
كە دارستان خانەنشینی كردووە.
وشەی "ورە" بۆلای هێلانەیەك كە "با"
تەواو بێزاری كردووە
وشەی "هەتاو" بۆلای نسێیەك كە سەرما
دانەچۆقەی پێخستووە
وشەی "نوێ" بۆلای ئەو شیعرەی
گوڵ و گەڵای تازە ناگرێ!
بەڵام من بۆ خۆم پیاوێكی
زۆر دڵ پیسم
هەرچەند ئەكەم لەجیاتی خۆم
من ناتوانم وشەی "ماچ"و
وشەی "سەما" و "پاڵكەوتن" و
یان چەند وشەیەكی تریش.. هەرگیز.. هەرگیز
بنێرم بۆلای یارەكەم
ئەترسم لەوەی ئەترسم....
بۆیە ئەبێ هەر خۆم بچم!

-41-

سەبەتەیەك لەگۆرانیی و لە پەپوولە.

باوەشێ خەم و مانگەشەو.

پۆلێك ماچی ترساو ترساو.

یەك ژووری سیخناخ لە ڕەخنە.

هەموویانم خستە بەردەست ئەم ڕۆژگارە.

ئەویش یەکەمیانی دا بە منداڵان و

دووهەمیان بە ئافرەتان و

سێهەمیان بە عاشقان و

چوارەمیش بە سیاسیەکان!

-42-

گیتارەکە

لەسەر سنگی دیوارەکە

بەهەڵواسراوی نوستووە.

کەس نازانێ خەو بەچیەوە ئەبینێ!

لەوانەیە بە ئاوازێکی شینی عاشقەوە.

یان بە هاژە هاژی شیعرێکەوە، یاخود

بەوژە وژی خەمێکی غەریبەوە

کەس نازانێ گیتارەکە

خەو بەچییەوە ئەبینێ!

تۆزێکی تر

گیتارەکە بە خەبەردێ و

لەسەر دیوار دێتە خوارێ و

لەم شەوی سەری ساڵەدا

خەوەکانی خوێمان بۆ ئەگێڕێتەوەو

لەدواییدا پێمان ئەڵێ:

گۆرانیتان باش و

خەونەکانی ئایندەتان هەمووی باش و

سەری ساڵی نوێتان پیرۆزا.

-43-

لەگەڕەکی "سپییە"وە
ماڵمان چووە گەڕەکی "ڕەش"
لەولا منداڵیم و یاری و پێکەنینم
لەکۆڵانی مانگەشەودا بەجێهێشت و
لەم لایش دایکم لەدوای باوکم
لەخۆڵەمێشی ژوورێکدا
بوو بە قەقنەس.
لەگەڕەکی "ڕەش"یشەوە
گواستمانەوە گەڕەکی سەوز
لەولا تەنیایی و بێبەشیم
لە هۆدەیەکی گریاودا بەجێهێشت و
لەم لایش باڵای کچێکی جوان
بوو بە یەکەم سەرووی هەڵبەست.
لەگەڕەکی "سەوز"یشەوە
ماڵەکەمان، گواستەوە بۆ گەڕەکی سوور
لەولا گۆرانی و ژوان و چاوی یارم بەجێهێشت و
لەم لایش ئیتر تفەنگ و شاخ و سەنگەرو
باروت و دووکەڵ هاتن و
خوێن بوو بە یاری سیاسەتا.
من ئیستاکە ماڵەکەم وا
لەناو گەڕەکێکی زەردا و
لەکۆڵانی پاییزێکدا نیشتەجێم و
ئاوێنەکانی یادگار.. دەوریان گرتووم
سەیرم ئەکەن.. سەیریان ئەکەم
بەرلەوەی ئیتر بۆ دواجار بگوێزمەوە
بۆ گەڕەکە نادیارەکەی

## -44-

لەم خۆشەویستیە جوانەدا
تەنانەت قسەی ئاسایی نێوانیشمان
ئەبی بە هەڵبەست و پەخشان!
تۆ پێم ئەڵێی: ئەمڕۆ چیتکرد؟!
من پێت ئەڵێم: پیاسەیەکم بەشیعرا کرد!
من پێت ئەڵێم: ئەو بلووزە سوورەت لێدێ.
تۆیش پێم ئەڵێی: وەك دارهەناری گوێ ئاوان!
تۆ ئە پرسی: ئەوە بۆچی
ئەمڕۆ بێ ئارام ئەتبینم!
من پێت ئەڵێم: وەك پەڵە هەورێ پێش باران!
لێت ئە پرسم: ئەو گوارانەت لەکوێ کڕی.
تۆیش پێم ئەڵێی: لە باخچەیەکی سەرچنار.
من ئە پرسم: لەژوورەکەتا چی هەیە؟!
تۆیش پێم ئەڵێی: چرپایەکی بێتاقەت و،
دۆلابێکی زۆر بێدەنگ و، وێنەیەکی تووڕەی باوکم و،
دوو گۆرانیی ناو قەفەزو، ئاوێنەیەکی بەگومان.
لەدواییشدا تۆ ئە پرسی
ئەی جێژوانی بەبێ ماچ لەچی ئەچێ؟!
منیش ئەڵێم: لەو کەمانچە دانراوەی
لەسوچێکدا چاوەڕوانەو کەس نایژەنێ!

## -45-

دەستت دایە کتێبێك و
یەك دوو پەڕەت هەڵدایەوەو
داتنایەوە
تۆ ڕۆیشتیت و من هەڵمگرت

تەماشام کرد
لەنێوانی پەڕەکاندا
دوو سەرنجت بەجێمابوون
چاوانم هەڵیگرتنەوەو ماچی کردن
لەسەر بەرگیش هەر بەو تۆزە
شیعرم بۆنی سەری پەنجەو
دەست و پلی جوانی تۆیگرت!

-46-

خۆ ئەگەر قەلەڕەشکەی مێ
وەکوو نەورەس
عەباکەی فڕێیدات و
چۆلەکەی دایکە، لەدەنووك ئاژنی
چۆلەکەی باوکە یاخی بێ و
حاجی لەق لەق، یەك حاجی ژنی هەبێ
نەك چوارو
ئەگەر تەوارەکان وەك هەڵۆکان
ئەوانیش بەشەو بێنە دەرەوەو
کلیلی دەرگای حەوشە بەخۆیان بێ و
ماکەوەکان بەدڵی خۆیان شووبکەن و
بەزۆر نەیاندەن بەنێرەکەوە پیرەکان
ئەوساکە ئیتر
ئاسمان و فڕین
لەشیعری مندا
زۆر جوانترئەبن!.

-47-

من لەبەردەمی منداڵدا
ئەبم بە تۆپێ بۆ یاری.

من بەسەر ئاوی شیعرەوە
باڵدارێکم سپی سپی.
لەناو مۆسیقای شینباودا
یان پەلکە گیام یاخود ماسی.
وەختێ دێمە بەردەمی تۆیش
دڵی منداڵ لەدڵمایەو
باڵی باڵدار لەناو ڕۆحماو
ئیتر من وەختێ ئەزانم
دڵۆپ.. دڵۆپ
لەناو تۆدا تواومەتەوەو
بووم بە هەڵمی خۆشەویستیی!.

-48-

منی درەختی قەسیدە
هەرجارێ بەلای "هەژاریی"دا تێپەڕم
بەلای ژنە فرمێسکێکدا
بەلای چۆلەکە منداڵێکی کەسیرەدا
بەلای ئاوێکی سیس و غەمباردا
یان گەڵای حەرفێ، یان چڵی وشەیەکم
یاخود لقی ڕستەیەکم
قرچەیەکیان لێوە دێت و ئەشکێنەوە.
من حاڵی حازر بێ لق و پۆپ ئەڕۆم
بەڵام وا قرچە قرچەکان
گەیشتوونەتە هەناوم
هیچ درەختێکیش بەوەسێت نەمردووە
بەڵام گەر بەلادا هاتم
تکام وایە منی درەختی قەسیدە
لەگردی خەمدا بنێژن!.

## -49-

شیعری قەموور
بەڕاکێشانی بەهێزترین ڕەخنەگری
ناو ئەم دنیایەیش
ڕاست ناکرێتەوە!.
شیعری لەدڵەوە بۆ دڵیش
بەهەرچی زمانی مەرگەوەڕانەی
ناو ئەم جیهانەیە
ناشیرین نابێ و
خوار ناکرێتەوە!.

## -50-

کەشتییەك لەداخی کەشتیەوانە
بێ وەفاو سپڵەکەی، لە گەرداوێکدا
چارۆگەکەی خۆی دڕان!.
گوڵدانێك لەداخی گوڵەبەدەکانی ناوی
ڕۆژێ بەدەستی خۆی، خۆی شکان
کتێبی مێژوونووسێکیش
لەداخی هەموو ئەو درۆیانەی تیاکرابوون
بەیانییەك خۆی سووتان.
شیعرە گەنجەکانی منیش
وا خەریکن لەداخی کۆت و زنجیری
قافیەکانی حکومەت و
مڕومۆچیی نیشتمان و
هەڕەشەی منارەکان و
کلیلە دزەکان
خەریکن وا خەریکن
سەری خۆیان و سەری
قەڵەمەکانیان و سەری

جانتا شڕەکانیان
هەڵگرن بۆ هەندەران!.

-51-

من بە تەنها غەریبی ناو ماڵی خۆم نیم.
ماڵیش غەریبی گەڕەکی و
گەڕەك غەریبی شارەکەی
شاریش غەریبی وڵاتەو
ولات غەریبی جیهان و
جیهان غەریبی ناو گەردوون!.

-52-

ئەگەر ڕووناکیی بریندار بوو
سێبەرێك ئەکەوێتە ناو هەنگاوەکانیەوە.
هەرکاتێ پەلکە ڕەنگینە بگری
فرمێسکەکانی سەوزو سوورن.
هەرکاتێ ئاو خۆی هاواریکرد تینووم
مانای وایە ژیان لە گیانەڵادایە.
تا پێش "مەولەوی"
سروشت لەشیعری ئێمەدا هەتیوبوو.
ئەو کاتەی هەنگێك ئەمرێ
گوڵێکی بۆ ڕەشپۆش ئەبێ.
لەهەر شوێنێ، نان، گریا
زوڵم قاقا پێئەکەنێ.
من بڕوام بەو باڵندانە نییە
کە ئامانجیان بە تەنها فڕینە
هەر لە پێناوی فڕیندا!
ئەو شەوەی مانگەشەو سوور دیارە
لەشوێنێك عاشقێ کوژراوە.

ئەگەر مۆسیقا نەبوایە
شیعر هەرگیز باڵی لێ نەئەڕوا!
لی کەنارو دەسەڵاتداران لەیەکتر ئەچن
هەر هەڵئەلووشن و ناڵێن بەسە!.

-53-

دە پیاوو
مێزێك و
هێلکەیەك
کریستۆف کۆڵمبس وتی:
کێ ئەتوانێ بە شاقوڵی
ئەم هێلکەیە لەبەردەمیا ڕاوەستێنێ؟!
هێلکە بەسەر نۆدا گەڕاو نەیانتوانی
هەتا گەیشتە "کۆڵمبس"
هەر ئەو توانی
وەختێ ئێجگار بەئەسپایی
هێلکەکەی کێشا بە مێزداو
هەروا بەحاڵ توێکڵی قوپان
ئەوسا هێلکەی بەشاقولی
لەسەر مێزو، لەبەردەمی خۆیدا وەستان!
تێبینی:
من هەندێ جار شیعرەکانم و
ڕاوەستانی ئەو هێلکەیە بە شاقوڵی
کە چەند ئاسانەو گرانیش
لەیەك ئەچن!

-54-

خەوێکم بردە ناوچاوی شیعرێکەوە
نادیاری گەردوونم بینی.

که خەوم دەرهێنایەوە
ئەوسا ئیتر
هیچم نەدی
لە کوێربوونی وشەم زیاتر.

-55-

باران هەموو
بارینێکی هەر جوان نییەو
هەموویشیان ناویان بارانە.
دارستان هەموو دارێکی
هەر جوان نییەو
هەموویشیان ناویان هەر دارە.
مرۆڤی خوا
باڵندەی خوا
ئاژەڵی خوایش
هەموو وەکوو یەك جوان نین و
شیعرەکانی منیش هەروا!

سلە یمانی
ئابی/ 2006